# ئاستی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بە پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان

م. دەشتی عەلی ڕەشید [1]     پ.ی.د. یادگار عەلی محەمەد [2]
[1] بەشی باخچەی منداڵان- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی گەرمیان، گەرمیان ، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی گەرمیان، گەرمیان ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

---

**پوختە**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕادەی پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت (پەیامنێران و وێنەگران) بە پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان. کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە هەموو پەیامنێران و وێنەگرانی ڕۆژنامەنووسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان کە لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێ ڕووماڵی ڕووداوەکان دەکەن. هەرچی نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (54) پەیامنێر و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە پەسنییەکان دادەنرێت و ڕێبازی ڕووپێوی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپێوی بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەی ئامانجی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

لەو ئەنجامە زانستیانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: زۆرینەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە ڕووماڵی ڕووداوەکانی ناوچەی شەڕ و ململانێ دەکەن، خوولی فێرکاری فریاگوزاری سەرەتاییان بینووە و شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا. سەبارەت بە سەلامەتیی لە ناوچەکانی شەڕ، پلەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان زۆر لەگەڵ بەکارهێنانی کڵاوی پارێزەر و یەلەکی ڕۆژنامەنووسی و کەرەستە پێویستەکان و پیشاندانی ئەو جۆرە کەلوپەلانەن بەهێزەکانی نێو ململانێ بۆئەوەی بزانن کە ڕۆژنامەنووسن. دیسان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە لەکاتی دروستبوونی شەڕ لە ئۆتۆمبیل دووردەکەونەوە و خۆیان لە پشتی ساترە خۆڵ حەشاردەدەن. هاوکات زۆرینەیان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕاناوەستن، وەکچۆن پێویستە پێشبینی گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان بکەن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن.

**کلیلی وشەکان: ئاست، سەلامەتیی پیشەیی، هەرێمی کوردستان.**

---

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4، العدد 2 ( 2023)
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 7 ديسمبر (2023)
حقوق الطبع والنشر © 2023. هذه مقالة الوصول اليا مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## 1. پێشەکی

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا؛ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕووبەڕووی مەترسی جۆربەجۆر بووەتەوە و بارودۆخێك هاتووەتە کایەوە کە ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە ڕاهێنان و ئاشنابوون بە چەمکی سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسیی و ڕێکارەکانی پیادەکردنی لە مەیدانی کار هەبێت.

سەلامەتیی پیشەیی لە بواری ڕۆژنامەنووسیی بە یەکێك لەو ئاڵنگارییانە ئەژماردەکرێت کە ڕووبەڕووی خەباتی ڕۆژنامەنووسان لەپێناو گەیشتن بە ڕاستییەکان و گواستنەوەیان بۆ جەماوەر دەبێتەوە.

بەپێی ئامارەکان لەمیانەی بەجێهێنانی ئەرکە ڕۆژنامەنووسییەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی ململانێ سەدان ڕۆژنامەنووس دووچاری حاڵەتەکانی مەرگ، ئەشکەنجە و بێسەروشوێنکردن بوونەتەوە. ئەوەش زیاتر ئەوکاتانە تۆمارکراون کە ڕۆژنامەنووس هێڵە سوورەکانی لەناوچەکانی ململانێ تێپەڕاندووە.

تۆمارکردنی هەموو ئەو حاڵەت و هەڵوێستە مەترسیدارانە بەرامبەر بە ژیانی ڕۆژنامەنووس، پێویستی بەوە هەیە کەسایەتی ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەکی باشتر هەست بە مەترسییەکان لە بواری کاری مەیدانی و سەلامەتیی پیشەیی بکات .

گومان لەوەدانیە کە دەشێت لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و مەشق و ڕاهێنان بتوانرێت زۆربەی حاڵەتەکانی بریندارببوون لە مەیدانی کار چارە بکرێت و ڕۆژنامەنووس بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکان بکات کە سەلامەتیی گیانی پارێزراو بێت .

سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسیی لە کۆمەڵێك زانیاری تیۆری و پراکتیکی پێکهاتووە، ڕۆژنامەنووس لەپێش و لەمیانەی ئەنجامدانی کارەکەی جێبەجێیان دەکات و لەڕێگەیانەوە تاڕادەیەکی باش گەرەنتی پاراستنی سەلامەتیی ژیانی دەکات .
زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتی تایبەتن بە پلاندانان بۆ ئەنجامدانی کارە ڕۆژنامەنووسییەکە و ڕێساکانی هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە لە ناوچەی ڕووماڵ و گواستنەوە و ڕۆیشتن بەرەو ناوچە جێناکۆکەکان. هەروەها بنچینەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ چەك، بۆردوومانی ئاسمانی و لوغم و تەقەمەنی، لەگەڵ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بازگەکانی پشکنین، بارودۆخی ڕفاندن و بێسەرشوێنکردن و چۆنیەتی سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنیی لە بارودۆخە جیاوازەکانی ڕووماڵ لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێ.

## تەوەری یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### توێژینەوەکانی پێشوو:

تا سنووری زانیاری توێژەران و گەڕان و پشکنینیان بەناو کەلەپوری زانستیی، هیچ توێژینەوەیەکی زانستیی بەزمانی کوردی و عەرەبی و زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامنەدراوە.

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی سەرەکیدا گەڵاڵە دەبێت: پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت (پەیامنێران و وێنەگران) بە پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟

### ئامانجەکانی توێژینەوە:

- گەیشتن بە زانیاری لەبارەی شوێنی ڕووماڵ و خەملاندنی مەترسییەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسان.
- زانینی ئاستی ئاشنایەتی ڕۆژنامەنووسان بە خوولی تایبەت بە فریاگوزاری سەرەتایی و مامەڵە لە ناوچەکانی ململانێ.
- گەیشتن بە ڕێکارەکانی گەرەنتیکردنی ئاسایش و سەلامەتیی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە میانەی کار بەتایبەت لەڕووی ئامادەسازی سەلامەتیی لە مەیدانی کار و بارودۆخەکانی ئاپۆرە و خۆپیشاندان و کاری تێکدەرانە.
- زانینی ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە کاتی ڕووماڵ لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێ.
- زانینی تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بە هەندێك لە پێوەر و بنەماکانی سەلامەتیی پیشەیی لە مەیدانی کار.

### کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە:

کۆمەڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە هەموو پەیامنێران و وێنەگرانی ڕۆژنامەنووسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان کە لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێ ڕووماڵی ڕووداوەکان دەکەن. هەرچی نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە (54) پەیامنێر و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون. توێژەران پەیوەندیان بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان/ لقی سلێمانی و نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کرد، بەڵام زانیاری ورد و نوێیان لەبارەی ژمارەی پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سنوری کارەکانیان لەبەردەستدا نەبوو.

### جۆر و ڕێبازی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکان دادەنرێت و ڕێبازی ڕووپێوی لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپێوی بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەی ئامانجی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.

### سنوری توێژینەوە:

- سنوری کات: بریتییە لە ماوەی نێوان (سەرەتای حوزەیران، تاوەکوو کۆتایی ئەیلوولی 2022).

• سنوری شوێن: پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

• سنوری مرۆیی: پەیامنێران و کامێرامانی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە.

## زاراوەکانی توێژینەوە:

• ئاست: دیاریکردنی ڕادەی پابەندی و ڕەوچاوکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی سەلامەتیی پیشەییە لەلای ڕۆژنامەنووسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کاتی ڕووماڵی ڕووداوەکان لەناوچەکانی شەڕ و ململانێ.

• سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی: ئەو بنەما و ڕێکارە جیهانی و لۆکاڵیانە دەگرێتەوە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی و ناوچەییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی و تەنانەت خودی دەزگا ڕاگەیاندنەکانیش بۆ پاراستنی سەلامەتیی گیانی ڕۆژنامەنووسان دایانناوە و جەخت لەسەر پابەندبوون پێیان و جێبەجێکردنیان بەوردی دەکەن.

• هەرێمی کوردستان: بریتییە لە هەرێمێکی سەربەخۆی دانپێدانراو لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتووی فیدراڵ کە سەدان دەزگای ڕاگەیاندنی جۆربەجۆری تێدایە و هەزاران ڕۆژنامەنووسی ناوخۆیی و بیانی کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکەن و بەشێکیشیان بەتایبەت پەیامنێر و کامێرامانی دەزگاکان تایبەتمەندن بە ڕووماڵی ئەو ڕووداوانەی کە لەسنوری هەرێمەکە و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن بەتایبەت ڕووداوەکانی شەڕ و خۆپیشاندان و گرژی و

## ڕێکارەکانی ڕواڵەتە درووستیی و جێگیری:

• ڕواڵەتە درووستی: توێژەران لەپاش درووستکردنی فۆرمی سەرەتایی ڕاپێوی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەهێزکردنی ناوەڕۆکەکەی لە ڕووی زانستییەوە، وێنەیەك لە فۆرمەکەیان ئاراستەی چەند پسپۆڕێکی بواری میدیا* لە هەرێمی کوردستان کرد، پاشان بەوردی سەرجەم تێبینی و سەرنجەکانیان لەسەر فۆرمەکە جێبەجێکرد و بەوجۆرە فۆرمەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت.

• جێگیری: توێژەران (15) دانەی فۆرمی ڕاپێویەکەیان بەسەر ئەو ژمارەیە لە ڕۆژنامەنووسان (پەیامنێران و کامێرامان)ی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دابەشکرد و پاش (10) ڕۆژ جارێکی دیکە فۆرمەکەیان بەسەر هەمان ئەو ڕۆژنامەنووسانە دابەشکردەوە، بۆیان دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری وەڵامەکانیان بریتییە لە (87%) بەوەش دڵنیابوون لە وردی و درووستی وەڵامی بەرتوێژان بۆ بڕگە و پرسیارەکانی نێو فۆرمی ڕاپێویەکە.

## تەوەری دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە: سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسیی

### 1. أ-پێناسە

سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسیی، چەند پێناسەیەکی جیاوازی بۆ کراوە، دیارترین پێناسەی، بریتییە لە کۆمەڵێک مەرج کە پەیوەستە بە تەندروستی و سەلامەتی ئەوانەی لەبواری پیشەی ڕۆژنامەنووسییدا کاردەکەن، یاساکانی کار و مافی مرۆڤ و سیاسەتیڕێکخراوەیی پەیوەندیدار لەخۆدەگرێت کە کاریگەرییان لەسەر تەندروستی و سەلامەتیڕۆژنامەنووسان هەیە.١

هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی، پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک زانیاری و ڕێکاری تیۆریی و پراکتیکی کە ڕۆژنامەنووس لەپێش و لەکاتی و لەپاش ئەرک و کارەکەی پیادەی دەکات، ئەو ڕێکارانە گەرەنتی پاراستنی ڕۆژنامەنووس دەکات لەمەیدانی کاردا.٢

### ب-مەترسییەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان

لەکاتی ڕوماڵکردن و گواستنەوەی زانیاری لەناوچەکانی شەڕ و جێناکۆک و ئاڵۆزەکان، ڕۆژنامەنووسان لەتەواوی جیهان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەڕەشە و مەترسیی دەبنەوە، زۆرێک لە سەندیکا و ڕێکخراوە جیهانییە تایبەتمەندەکانی کایەی ڕۆژنامەنووسیی، چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری و پێوەریان بۆ پاراستنی سەلامەتی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان دەرکردووە، چونکە بەلای بەشێک لەو ڕێکخراوانەوە، پێوانەی کوالیتی ڕاستەقینەی دیموکراتی لە هەر وڵاتێکدا، دەتوانرێت لە پاراستن و سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان بپێورێت، کاتێک ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بەبێ ترس مامەڵە بکەن، ئەوا پارێزراون و دەتوانن زانیاریی گرنگ بەشێوەیەکی ورد و بابەتی پێشکەش بە هاوڵاتیان بکەن، ئەوکاتەش ڕۆژنامەنووسان دەبنە بریکاری دیموکراتیی و ئازادیی و چاودێر بەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەوە.٣

لەم چەند ساڵەی دواییدا، پرسی پاراستن و سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان، بووتە جێی بایەخ و گرنگی، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە لە سەرانسەری جیهاندا بوونەتە قوربانی و کوژراون، بەپێی ڕاپۆرتێکی فیدراسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسانکە بەناونیشانی ( White paper on global journalism) بڵاوکراوەتەوە، لەماوەی ساڵانی (١٩٩٠ بۆ ٢٠٢٠)، لە سەرانسەری جیهاندا (٢٦٥٨) ڕۆژنامەنووس کوژراون، عێراق بە پلەی یەکەم دێت کە (٣٣٩) ڕۆژنامەنووس تێیدا کوژراون.٤

کوشتنی ئەو ژمارە زۆرە لە ڕۆژنامەنووسان، بووەهۆی ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی (٢٠٠٦) بڕیاری ژمارە (١٧٣٨) دەربکات، کەتێیدا داوا لە حکومەتەکان دەکات گەرەنتی سەلامەتیی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بکەن کە ڕووماڵی پێکدادانە چەکدارییەکان دەکەن.٥

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە عێراق، هیچ گەرەنتییەکی ڕۆژنامەنووسان لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکی ڕۆژنامەنووسییدا لە ناوچە مەترسیدارەکان ناکەن، هەروەها هیچ کەرەستەیەکی پێویست پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسەکانیان ناکەن بۆ پاراستن و سەلامەتییان لە کاتی ڕووماڵکردن شەڕ و مەترسیەکاندا، لەکاتی جەنگی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەکانی سوپای عێراق و چەکدارەکانی ئەو گروپە ئیسلامییە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ڕووماڵی جەنگەکەیان دەکرد لەلایەن هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە کەرەستەی خۆپارێزیی وەک کلاو و ئێلەکی گولەنەبڕیان پێبەخشرابوو، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کار لەسەر ڕاهێنانی هۆشیاری دەربارەی مەترسییەکان و ژینگەی کار ناکەن بۆ ڕۆژنامەنووسان پێش ئەوەی بیانێرنە ناوچە مەترسیدارەکان.٦

لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ڕووماڵکردنی زۆربەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان ڕووبەڕووی مەترسی و هێرش و پەلاماردان دەبنەوە، بەپێی

ڕاپۆرتێکی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و مافی ڕۆژنامەنووسانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٢١)دا پێشێلکاری بەرامبەر بە (١٨٧) دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووس کراوە، بەتایبەتیش بوونی گرژی و ناکۆکی سیاسیی و بوونی ڕووداو و پرۆسێسی هەڵبژاردن، دەبنە هۆکاری دەرکەوتن و زیاتربوونی پێشێلکارییەکان.٧

## ج- خۆپاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە مەترسییەکان:

ڕۆژنامەنووسان بەهۆی سروشتی پیشەکەیانەوە، لەکاتی گواستنەوەی زانیاریی و ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا، دووچاری کۆمەڵێک ئاستەنگ و مەترسی دەبنەوە، سەرباری ئەرکی دەوڵەت و لایەنەکان لە گەرەنتی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، پێویستە لەسەر خودی ڕۆژنامەنووسانیش بەرپرسیاریێتی پاراستنی سەلامەتی خۆیان لەڕووی ئاسایش و جەستەیی و تەندروستیییەوە لەئەستۆبگرن، تاوەکو بەردەوامبن لەسەر گواستنەوەی زانیارییەکان.٨ لەوانە :

١ -پلاندانان و ئامادەکاری: پێش ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی لەناوچە مەترسیدارەکان، پێویستە ڕۆژنامەنووس لەڕوویی جەستەیی و عەقڵی و لۆجستییەوە ئامادەبێت، واتە کۆکردنەوەی زانیاریی و هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان و دەستنیشانکردنی ئەو لایەنە متمانەپێکراوانە بۆ پەیوەندیکردن، هەروەها کارکردن لەسەر ڕێوشوێنەکانی سەلامەتیی و پەیوەندییەکان.٩

٢ -سەلامەتی جەستەیی: مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە کە لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووس دەبێتەوە، کاتێک مەترسیە جەستەییەکان زۆرن، گرنگە ڕۆژنامەنووس بزانێت چ کاتێک پێویست دەکات شوێنی ڕووماڵ بەجێبهێڵێت و بگاتە ناوچەیەکی ئارام، پێویستە ڕاهێنانیان پێکرابێت لەبارەی فریاگوزاریی سەرەتایی و تێگەیشتن لە نەخشەی ناوچەکە، هەروەها بەهیچ شێوەیەک گونجاو نییە ڕۆژنامەنووسان شوێن و جێگای خۆیان بۆ هیچ کەس و گرووپێک کە جێی متمانەیان نین، ئاشکرابکەن.١٠ پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان لەو ناوچانەی چەک بەکاردەهێنرێت، هەمیشە کەرەستە خۆپارێزییەکان بپۆشن و پلانی چۆنێتی هەڵهاتنیش دابنێن، کەرەستە خۆپارێزییەکان بریتین لە:١١

أ. ئێلەکی گوللەنەبڕ
ب.کڵاوی گوللەنەبڕ
ت.چاویلکەیی پارێزراو
ث.دەمامکی دژە گاز
ج. جانتایەکی کەرەستەی پزیشکی

٣ -سەلامەتیی عەقڵی: ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبنەوە، تەنیا جەستەیی نین، بەڵکو تەندروستیی عەقڵی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ناوچەکانی شەڕ و پێکدادان کاردەکەن، لەژێر مەترسیدایە، پێدەچێت پاراستنی هاوسەنگی سۆزداریی، هەمان گرنگی سەلامەتی جەستەیی هەبێت، گواستنەوەی زانیاریی لەبارەی ڕووداوەکانی کوشتن و لەدەستدان و برینداربوون..تاد، کاریگەری عەقڵیی و دەروونی لەسەر ڕۆژنامەنووسان دروستدەکات.١٢

٤- سەلامەتیی دیجیتاڵی: بۆ ئامادەکردن و گواستنەوەی زانیاریی و ناردنی هەواڵ و ڕاپۆرت لەناوچە جێناکۆکەکان، پێویستە ڕۆژنامەنووسان دڵنیابن لە مۆبایل و کۆمپیوتەر و کەرەستەکانی پەیوەندیکردنیان، دەبێت دڵنیاببنەوە لە پاراستنی داتا وزانیارییەکان، چونکە مەترسی لەناوچوون و دزینی ئامێر و پێداویستییەکانیان هەیە، هەروەها پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان پلانی جێگرەوەیان بۆ هەر ئەگەرێکی بچڕانی پەیوەندی بە سەرچاوەی زانیاریی و دامەزراوەکەیانەوە هەبێت.١٣

## د- هەوڵەکان بۆ پاراستنی سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان:

بەمەبەستی پاراستن و سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان و بەرزکردنەوەی هۆشیارییان لەبارەی ژینگەی کارکردن لە ناوچە مەترسیدارەکان، سەندیکا و ڕێکخراوە جیهانی و ناوخۆییەکان هەوڵیانداوە ئاستی ئاگایی ڕۆژنامەنووسان لەوبارەیەوە بەرزبکەنەوە، لەو ئێوەندەشدا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان(IFJ) ڕێبەرێکی بەناوی (ڕێبەری مانەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان) دەرکردووە، پوختەی ئەزموونی ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس لەخۆدەگرێت کە ڕووماڵی ناوچە کێشەلەسەرەکانیان کردووە، هەروەها چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری وردی بۆ ڕۆژنامەنووسان و وێنەگران لەخۆگرتووە، هەروەک فیدراسیۆنەکە لە ساڵی (٢٠١١) لەچوارچێوەی پرۆگرامی ئامادەکردن و پێگەیاندنی ڕاهێنەر لەبواری سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان، چوار نوسینگەی لە (عێراق، لوبنان، فەڵەستین، یەمەن) کردووەتەوە، ئامانجی ئەو نوسینگانە کردنەوەی خولی ڕاهێنان و هۆشیارکردنەوەی ڕۆژنامەنووسانە بە پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی، هەر لەو چوارچێوەیەدا فیدراسیۆنەکە (تۆڕی پاراستنی میدیاکاران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی) دروستکردووە.١٤

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەچوارچێوەی پلانێکی کارکردن لەهەوڵی سەلامەتی ڕۆژنامەنووساندایە، پرۆسەکە لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە لەسەر داوای ئەنجومەنی حکومیی نێودەوڵەتی پرۆگرامی نێودەوڵەتی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی سەر بە ڕێکخراوی یونسکۆ دەستپێکردووە، ئەنجومەنی جێبەجێکاری نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە (١٢ی نیسانی ٢٠١٢) پشتیوانی ئەو پلانی کارەی کردووە، ئامانجی پلانی کارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دروستکردنی کەشێکی ئازاد و پارێزراوە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکەن لە تەواوی جیهان، بەپێی پلانەکە ڕێکاری پێویست و گونجاوی هاوبەش لەنێوان ئاژانس و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ وڵاتان دەگیرێتەبەر، لە (١٩ی حوزەیرانی ٢٠١٧) جارێکیتر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامادەبوونی (٢٥٠) نوێنەری ئاژانسەکانی سەر بە ڕێکخراوەکە و وڵاتان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کۆبوونەوە، بۆ تاوتوێکردنی پلانەکە و چۆنێتی فراوانکردن و باشترکردنی سەبارەت بە پاراستنی سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان و دەربازنەبوونی تاوانباران لە سزا و پێشێلنەکردنی مافەکانیان.١٥

لە هەرێمی کوردستاندا، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەڕێگەی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی و مافی ڕۆژنامەنووسان، بەهاوبەشی لەگەڵ مەکتەبی سەلامەتیی پیشەیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەپێی ڕێککەوتنێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (IFJ) خولی تایەتی بۆ زیاتر لە (١٢٥٠) ڕۆژنامەنووس لە هەردوو ڕەگەز، بە مەبەستی چۆنێتی خۆپارێزی لە کاتی ڕوومالکردنی ڕووداوەکانی شەڕ و پێکدادانی چەکداری کردووەتەوە.١٦

## تەوەری سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

بە ئامانجی گەیشتن بە ڕادەی پابەندبوون ڕۆژنامەنووسان (پەیامنێران و کامێرامان)ی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بە پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە میانەی ڕوومالّ لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێ، هەروەها وەرگرتنی دیدوبۆچوونیان بەرامبەر بە ڕادەی پێویستی جێبەجێکردنی چەند پێوەرێکی تایبەت بە سەلامەتیی پیشەیی، توێژەران فۆرمێکی ڕاپرسییان دروستکرد و لەپاش گرتنەبەری ڕێکارە زانستییەکان، بەسەر ڕۆژنامەنووسان دابەشیانکرد. لەڕێگەیەوە هەوڵیانداوە ڕا و سەرنجی ئەو بەشە گرنگ و دیارەی کۆمەڵگە لەبارەی ئامانجی توێژینەوەکەیان بزانن. لەخوارەوە وەڵامی بەرتوێژان بۆ بڕگە و پرسیارەکان و خوێندنەوە بۆ وەڵامەکان بەشێوەیەکی زانستیی دەخەینەڕوو.

### تەوەری یەکەم: زانیارییە دیمۆگرافییەکان

زۆرینەی بەتوێژان لە ڕۆژنامەنووسانی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە وەڵامی پرسیارەکانی نێو ڕاپرسینامەکەیان داوەتەوە بەڕێژەی (85.1%) لە توخمی (نێر) و پلەی دووەمیشیان بەڕێژەی (14.8%) لە توخمی (مێ)ینەن. ئەو ئەنجامە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە زۆرینەی پەیامنێران و کامێرامانەکان کە ڕوومالّی ڕووداوەکانی ناوچەی شەڕ و ململانێ دەکەن لە هەرێمی کوردستان لە توخمی (نێر)ینەن.

پلەی یەکەمی پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەی (59.2%) تەمەنیان لە نێوان (٣٤ ساڵ بەرەو سەرەوە)یە و پلەی دووەم بەڕێژەی (22.2%)یشیان لەنێوان (٣٠ – ٣٣ ساڵ)، هەرچی پلەی سێیەمیش بەڕێژەی (11.1%) تەمەنیان لەنێوان (٢٢ – ٢٥ ساڵ)دایە و ئەوانەشی تەمەنیان لەنێوان (٢٦ – ٢٩ ساڵ)دایە لەپلەی چوارەم و بەڕێژەی (7.4%) هاتوون و هیچ ڕۆژنامەنووسێکیش تەمەنی لەنێوان (١٨ – ٢١ ساڵ) نیە. ئەو ئەنجامانەش دەکرێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسان (پەیامنێران و کامێرامان)ەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەڕووی تەمەن شیاوێتی تەواوی کارکردنیان هەیە و دەتوانن بە ژیرییەکی تەواو سەلامەتیی گیانی خۆیان بپارێزن و مامەڵەی لۆجیکیانە لەگەڵ پێشهات و بارودۆخە جیاجیاکان بکەن.

پلەی یەکەمی بەرتوێژانی ڕاپرسینامەکە بەڕێژەی (48.1%) ئاستی خوێندنیان (بەکالۆریۆس)ە و (26%)یان لە پلەی دووەم (دبلۆم)، (ماستەر) و (ئامادەیی) بۆ هەریەکەیان (11.1%) لە پلەی سێیەم و پلەی چوارەمیشیان بەڕێژەی (3.7%) ئەوانەن ئاستی خوێندنیان (دکتۆرا)یە و هیچ ڕۆژنامەنووسێکیش ئاستی خوێندنی (بنەڕەتی) نیە. بەپێی ئەو ئەنجامەش ئاستی بڕوانامەی ڕۆژنامەنووسان هاوکارە بۆئەوەی بتوانن کاری ڕۆژنامەنووسیی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجام بدەن.

زۆرینەی پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە ڕوومالّی ڕووداو و پێشهاتەکانی پەیوەست بە شەڕ و ململانێ لە ناوچەکانی ململانێ دەکەن بە ڕێژەی (42.6%) ماوەی (١–٥ ساڵ) لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کاردەکەن، ڕێژەی (29.6%) لە پلەی دووەم بە (٦ – ١٠ ساڵ) ئەزموون، پلەی سێیەمیان بەڕێژەی (12.7%) بە ئەزموونی (١١ – ١٥ ساڵ) و پلەی چوارەمیشیان کە ڕێژەی (9.3) یە (١٦ – ٢٠ ساڵ) خزمەتی کاری ڕۆژنامەنووسیان هەیە و پلەی پێنجەم و کۆتاییش کە (21 ساڵ بەرەو سەرەوە) خزمەتیان لەبواری ڕۆژنامەنووسیی هەیە بریتییە لە ڕێژەی (5.6%)ی ڕۆژنامەنووسان.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە ڕۆژنامەنووسانی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بەڕێژەی (70.4%) لە سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەندام نین، (29.6%)یشیان لە پلەی دووەم ئەندامی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسین.

زۆرینەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپرسینامەی توێژینەوەکەیان داوەتەوە، بەڕێژەی (63%) ناونیشانی ڕۆژنامەنووسیان بریتییە لە (پەیامنێر)، هاوکات پلەی دووەمیان بەڕێژەی (37%) ناونیشانەکەیان بریتیە لە (کامێرامان). بڕوانە خشتەی (1).

**خشتەی (1): زانیارییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان پیشان دەدات.**

| بڕگە | | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| توخم | مێ | ٨ | ١٤,٨ | دووەم |
| | نێر | ٤٦ | ٨٥,١ | یەکەم |
| تەمەن | ١٨ – ٢١ ساڵ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| | ٢٢ – ٢٥ ساڵ | ٦ | ١١,١ | سێیەم |
| | ٢٦ – ٢٩ ساڵ | ٤ | ٧,٤ | چوارەم |
| | ٣٠ – ٣٣ ساڵ | ١٢ | ٢٢,٢ | دووەم |
| | ٣٤ ساڵ بەرەو سەرەوە | ٣٢ | ٥٩,٢ | یەکەم |
| ئاستی خوێندن | بنەڕەتی | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| | ئامادەیی | ٦ | ١١,١ | سێیەم / د |
| | دبلۆم | ١٤ | ٢٦ | دووەم |
| | بەکالۆریۆس | ٢٦ | ٤٨,١ | یەکەم |
| | ماستەر | ٦ | ١١,١ | سێیەم |
| | دکتۆرا | ٢ | ٣,٧ | چوارەم |
| ساڵانی کارکردن لە بواری ڕۆژنامەنووسیی | ١–٥ ساڵ | ٢٣ | ٤٢,٦ | یەکەم |
| | ٦ – ١٠ ساڵ | ١٦ | ٢٩,٦ | دووەم |
| | ١١ – ١٥ ساڵ | ٧ | ١٢,٧ | سێیەم |
| | ١٦ – ٢٠ ساڵ | ٥ | ٩,٣ | چوارەم |
| | 21 ساڵ و سەرەوە | ٣ | ٥,٦ | پێنجەم |
| ئەندامێتی لە سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی | بەڵێ | ١٦ | ٢٩,٦ | دووەم |
| | نەخێر | ٣٨ | ٧٠,٤ | یەکەم |
| ناونیشانی کاری ڕۆژنامەنووسیی | پەیامنێر | ٣٤ | ٦٣ | یەکەم |
| | کامێرامان | ٢٠ | ٣٧ | دووەم |

### تەوەری دووەم: زانیاری لەبارەی شوێنی ڕوومالّ و خەمڵاندنی مەترسییەکان لەلایەن ڕۆژنامەنووسان.

زۆرینەی بەرتوێژان لە پەیامنێران و کامێرامانانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بەڕێژەی (100%) زانیارییان لەبارەی بارودۆخی سیاسی شوێنی ڕووماڵ هەیە.

هەروەها پلەی یەکەمیان بەڕێژەی (88.8%) زانیارییان لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی شوێنی ڕووماڵ هەیە و پلەی دووەمیشییان بەڕێژەی (11.1%) ئەو زانیاریەیان نیە.

بەپێی ئەنجامەکان: زۆربەی ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (77.7%) لەبارەی بارودۆخی تەندروستی شوێنی ڕووماڵ هەیە و (22.2%)یشیان زانیارییان نیە.

هاوکات پلەی یەکەمی پەیامنێر و کامێرامانەکان بەڕێژەی (88.8%) زانیارییان لەبارەی بارودۆخی کەشوهەوا لە شوێنی ڕووماڵ هەیە (11.1%)یشیان زانیارییان نیە.

هەر بەپێی ئەنجامی خشتەکەی خوارەوە پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (92.6%) زانیارییان لەبارەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە شوێنی ڕووماڵ هەیە و پلەی دووەمیشیان بەڕێژەی (7.4%) ئەو زانیاریەیان لەبارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو جێگەیەی ڕووماڵی تێدا ئەنجام دەدەن، نیە.

خشتەکە ئەوەشی پیشانداوە کە پلەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (85.2%) زانیاریان لەبارەی لایەنی ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوت و نەریتی جلپۆشینی ناوچەی ڕووماڵ هەیە و تەنها (14.8%)یان ئەو زانیاریەیان نیە.

خشتەکە ئەوەشی دەرخستووە کە پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە ڕۆژنامەنووسان (پەیامنێران و کامێرامان)ی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەڕێژەی (70.4%) زانیارییان لەبارەی شوێنی ڕووماڵەکە و خەمڵاندنی مەترسییەکان هەیە و تەنها (29.6%)یان ئەو زانیاریەیان نیە .

بەپێی هەموو ئەو ئەنجامانە دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەنووسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (پەیامنێران و کامێرامان) لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بەڕێژەیەکی بەرز زانیارییان لەبارەی لایەنە جیاجیاکانی وەك: (بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، کەشوهەوا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لایەنی ڕۆشنبیری هەڵسوکەوت و جلپۆشین)ی شوێنی ڕووماڵ و خەمڵاندنی مەترسییەکان هەیە. بڕوانە خشتەی (2).

**خشتەی (2): زانیاری لەبارەی شوێنی ڕووماڵ و خەمڵاندنی مەترسییەکان پیشان دەدات.**

| بڕگەکان | بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % |
| زانیاری لەبارەی بارودۆخی سیاسی شوێنی ڕووماڵ. | ٥٤ | ١٠٠ | ٠ | ٠ |
| زانیاری لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی شوێنی ڕووماڵ. | ٤٨ | ٨٨.٨ | ٦ | ١١.١ |
| زانیاری لەبارەی بارودۆخی تەندروستی شوێنی ڕووماڵ. | ٤٢ | ٧٧.٧ | ١٢ | ٢٢.٢ |
| زانیاری لەبارەی بارودۆخی کەشوهەوا لە شوێنی ڕووماڵ. | ٤٨ | ٨٨.٨ | ٦ | ١١.١ |
| زانیاری لەبارەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە شوێنی ڕووماڵ. | ٥٠ | ٩٢.٦ | ٤ | ٧.٤ |
| زانیاری لەبارەی لایەنی ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوت و نەریتی جلپۆشینی ناوچەی ڕووماڵ هەیە. | ٤٦ | ٨٥.٢ | ٨ | ١٤.٨ |
| زانیاری لەبارەی شوێنی ڕووماڵەکە و خەمڵاندنی مەترسییەکان. | ٣٨ | ٧٠.٤ | ١٦ | ٢٩.٦ |

## تەوەری سێیەم: ئاشنایەتی ڕۆژنامەنووسان بە خوولی تایبەت بە فریاگوزاری سەرەتایی و مامەڵە لە ناوچەکانی ململانێ.

زۆرینەی بەرتوێژان لە ڕۆژنامەنووسان (پەیامنێر و کامێرامان) لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە ڕووماڵی ڕووداو و پێشهاتەکان لەناوچەکانی ئاڵۆزی و ململانێ دەکەن، لە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (55.6%) ئەوانەن کە خوولی فێرکاری فریاگوزاری سەرەتاییان بینووە و شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا.

هەروەها پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (37%) نازانن ئەو خوولانەیان بینیوە کە هەندێك لە پسپۆڕانی سەربازی لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لە ناوچە مەترسیدارەکانی ناکۆکی بەڕێوەیان بردووە. بۆنموونە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ لوغم و تەقەمەنی و هەندێك لایەنی تەکنیکی کەرەستە و ئامێری سەربازی یاخود نا، بەڵام پلەی دووەمیان بەڕێژەی (22.2%) زۆر لەوەدڵنیان کە ئەو جۆرە خولانەیان بینیوە و پلەی سێیەمیشیان بەڕێژەی (18.5%) بەهیچ شێوەیەك ئەو خولانەیان نەبینیوە.

لەو ئەنجامانەوە دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە کە ڕۆژنامەنووسان خوولی فێرکاری فریاگوزاری سەرەتاییان بینووە و بەشێوەیەکی زۆرباش شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا، بەڵام زانیارییان لەبارەی ئەو خولانە لەئاستی پێویست نیە کە هەندێك لە پسپۆڕانی سەربازی لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لە ناوچە مەترسیدارەکانی ناکۆکی بەڕێوەیان بردووە. بۆنموونە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ لوغم و تەقەمەنی و هەندێك لایەنی تەکنیکی کەرەستە و ئامێری سەربازی. بڕوانە خشتەی.(3)

**خشتەی (3): ئاشنایەتی بەرتوێژان لە پەیامنێر و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بە خوولی تایبەت بە فریاگوزاریی سەرەتایی و مامەڵە لە ناوچەکانی ململانێ پیشان دەدات.**

| بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدا نیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| خوولی فێرکاری فریاگوزاری سەرەتاییم بینووە و شارەزاییم هەیە لەو بوارەدا. | ٣٠ | ٥٥.٦ | ٤ | ٧.٤ | ١٠ | ١٨.٥ | ٦ | ١١.١ | ٤ | ٧.٤ |
| ئەو خوولانەم بینیوە کە هەندێك لە پسپۆڕانی سەربازی لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لە ناوچە مەترسیدارەکانی ناکۆکی بەڕێوەیان بردووە. بۆنموونە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ لوغم و تەقەمەنی و هەندێك لایەنی تەکنیکی کەرەستە و ئامێری سەربازی. | ١٢ | ٢٢.٢ | ٨ | ١٤.٨ | ٢٠ | ٣٧ | ٤ | ٧.٤ | ١٠ | ١٨.٥ |

## تەوەری چوارەم: گەرەنتی ئاسایش و سەلامەتیی لە میانەی کار.

### أ- ئامادەسازی سەلامەتیی لە مەیدانی کار.

زۆرینەی بەرتوێژان بەڕێژەی (55.6%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە گواستنەوە لەمەیدانی کار کارێکی هەستیارە و بەوردیش جێبەجێدەکەن. (48.1%) لەگەڵ ئەوەدان کە ڕێگەپێدانی کارگێڕی و یاسایی کارپێکراو تەواو بکەن پێش گواستنەوە بۆ مەیدانی کار و (37%)یشیان دیسانەوە ئەولایەنە زۆر بەگرنگ دادەنێن. سەبارەت بە شارەزایی ڕێگە و زانینی شوێنی بازگەکان، (48.1%)ی ڕۆژنامەنووسان زۆر لەگەڵ ئەو خاڵەدان و (51.9%)شیان زۆر لەگەڵ زانین و ئاگاداربوونن لە کاتەکانی قەدەغەی هاتووچۆ، هەروەها پلەی یەکەمیان بەڕێژەی (66.7%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە پێویستە هیچ شتێکی قەدەغەکراو لەنێو ئۆتۆمبیلەکانیان نەبێت .

ئەو ئەنجامانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەیەکی زۆر بەرز لەگەڵ ئامادەسازی سەلامەتیی لە مەیدانی کار بەتایبەت (گواستنەوە)دان.

پلەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (92.6%) زۆر بەپێویستی دەزانن کە ڕۆژنامەنووس لەخاڵی پشکنین بووەستێت بۆ پشکنین. هەروەها (51.9%)یان

بەتەماشای جلوبەرگی کارمەندانی خاڵی پشکنین، زۆرباش تێدەگەن سەربازگەی سوپایە یان پۆلیس یاخود میلیشیاکان و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ جۆری مامەڵەی ئەو هێزە لەگەڵیان. (66.7%) ڕۆژنامەنووسان ئەگەر بزانن مەترسییان بۆ دێتەپێش، بەدڵنیاییەکی زۆرەوە پەیوەندی بە دەزگا میدیاییەکانیانەوە دەکەن. بەپێی ئەو ئەنجامانە زۆرینەی ڕەهای ڕۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی زۆرباش و سەلامەتانە لەگەڵ خاڵەکانی پشکنین لە مەیدانی کار مامەڵە دەکەن ئیدی ئەو خاڵانە هێزە ئەمنییە ڕەسمییەکان بێ یاخود میلیشیا و گرووپە چەکدارەکان.

سەبارەت بە سەلامەتیی لە ناوچەکانی شەڕ، پلەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (51.9%) زۆر لەگەڵ بەکارهێنانی کڵاوی پارێزەر و ئێلەکی ڕۆژنامەنووسی و کەرەستە پێویستەکان و پیشان دانی بەهێزەکانی نێو ململانێێن بۆئەوەی بزانن کە ڕۆژنامەنووسن. هەروەها پلەی یەکەمیان بەڕێژەی (59.3%) دیسان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە لەکاتی دروستبوونی شەڕ لە ئۆتۆمبیل دووردەکەونەوە و خۆیان لە پشتی ساترە خۆڵ حەشاردەدەن. ئەو دوو ئەنجامەش خاڵی ئەرێنی گرنگن لە ڕادەی جێبەجێکردنی پێوەرەکانی سەلامەتیی لەلایەن پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ناوچەکانی شەڕدا.

دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ (مووشەك) لە مەیدانی کار، زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان بە ڕێژەی (44.4%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە لەکاتی مووشەکباران تەماشای ئاراستەی هەڵهاتن یان گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە دەکەن و لەگەڵ ئاراستەی ئەوان دەڕۆن. ئەوەش دەشێت بە خاڵێکی گرنگ بۆ خۆپارێزی ڕۆژنامەنووسان لە زیان و بەرکەوتن بە مووشەك و تەقەمەنی جەنگی بخەملێنرێت. بڕوانە خشتەی (4).

**خشتەی (4): گەرەنتی ئاسایش و سەلامەتیی لە میانەی کار بەتایبەت ئامادەسازی سەلامەتیی لە مەیدانی کار لەلای بەرتوێژان لە پەیامنێر و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان پیشان دەدات.**

| | بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | د | % | د | % | د |
| أ: گواستنەوە | گواستنەوە لە مەیدانی کار کارێکی هەستیارە و بەوردی جێبەجێیدەکەم. | ٣٠ | ٥٥.٦ | ٢٢ | ٤٠.٧ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ڕێکەوتنی کارگێڕی و داراییی کارێکراو تەواو دەکەم. | ٢٠ | ٣٧ | ٢٦ | ٤٨.١ | ٦ | ١١.١ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |
| | شارەزای ڕێگە و زانینی شوێنی بازگەکانم هەیە. | ٢٦ | ٤٨.١ | ١٤ | ٢٥.٩ | ١٤ | ٢٥.٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کاتەکانی ئەمەمەی هاتووچۆ دەزانم. | ٢٨ | ٥١.٩ | ١٨ | ٣٣.٣ | ٨ | ١٤.٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | هیچ شتێکی قەدەغەکراو لەناو ئۆتۆمبیلەکەمدا نیە. | ٣٦ | ٦٦.٧ | ٦ | ١١.١ | ٨ | ١٤.٨ | ٢ | ٣.٧ | ٢ | ٣.٧ |
| ب: خاڵی پشکنین | لە خاڵی پشکنین دەوەستم بۆ پشکنین. | ٥٠ | ٩٢.٦ | ٢ | ٣.٧ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەتەماشای جلوبەرگی خاڵەکە، تێدەگەم سەربازگەی سوپایە یان پۆلیس یاخود میلیشیاکان و خۆم ئامادە دەکەم بۆ جۆری مامەڵەکردن لەگەڵیان. | ٢٨ | ٥١.٩ | ١٨ | ٣٣.٣ | ٨ | ١٤.٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ئەگەر بزانم مەترسیم بۆ دێتەپێش پەیوەندی بە دەزگاکەم دەکەم. | ٣٦ | ٦٦.٧ | ١٢ | ٢٢.٢ | ٤ | ٧.٤ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |
| ج: سەلامەتیی لە ناوچەکانی شەڕ | کڵاوی پارێزەر و ئێلەکی ڕۆژنامەنووسی و کەرەستەکان بەکاردێنم و پیشانی دەدەم کە ڕۆژنامەنووسم. | ٢٨ | ٥١.٩ | ١٦ | ٢٩.٦ | ٤ | ٧.٤ | ٤ | ٧.٤ | ٢ | ٣.٧ |
| | لەکاتی دروستبوونی شەڕ لە ئۆتۆمبیل دووردەکەومەوە و خۆم لە پشتی ساترە خۆڵ حەشاردەدەم. | ٣٢ | ٥٩.٣ | ١٦ | ٢٩.٦ | ٦ | ١١.١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| د: مووشەك | لەکاتی مووشەکباران تەماشای ئاراستەی هەڵهاتن یان گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە دەکەم و لەگەڵ ئاراستەی ئەوان دەڕۆم. | ٢٤ | ٤٤.٤ | ١٦ | ٢٩.٦ | ١٠ | ١٨.٥ | ٢ | ٣.٧ | ٢ | ٣.٧ |

## أ- ئاپۆڕە و خۆپیشاندان و کاری تێکدەرانە.

سەبارەت بە ئامادەکارییەکان بۆ ڕووماڵی خۆپیشاندان: زۆرینەی بەرتوێژان لە ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (74.1%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان بەشێوەی تیم ڕووماڵ بکەن یان لانیکەم دوو کەس کەمتر نەبن، بۆئەوەی لە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەریان ئاگادارین و خۆیان بپارێزن. دیسان (74.1%)یشیان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو شوێن و ڕێگا سەرەکیانە دیاریبکەن کە لەکاتی پێویست لێی بکشێنەوە. هەروەها (59.3%) یان زۆر لەگەڵ ئەو بنەمایەن کە پەیوەندییەکی دۆستانە و باشیان لەگەڵ بازرگان و خاوەنکارەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە هەبێت بۆئەوەی لەکاتی پێویست داڵدەیان بدەن. هاوکات پلەی یەکەمیان بەڕێژەی (51.9%) یان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە هەوڵبدەن لە پێش خۆپیشاندان و توندوتیژی خۆیان پیشانی هێزە ئەمنییەکان بدەن، تاوەکوو بزانن ڕۆژنامەنووسن، نەوەك خۆپیشاندەر. (55.6%) یشیان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێت ئاگاداری دزینی کەلوپەل و پێداویستییەکانیان بن، هەروەها پێش دەستپێکردنی نواندنی توندوتیژی هیچ کەلوپەلێکی خۆپارێزی بەکارنەهێنن، چونکە دەزانن ئەوکارە خۆپیشاندەر تووڕە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا؛ پلەی یەکەمیان بەڕێژەی (59.3%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە ماسکی تایبەت بە گازی فرمێسکڕێژ و کڵاوی گولەنەبڕ بەکاربهێنن. (63%)یشیان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە پێڵاو و جلی فراوان و ئاسان لەبەربکەن و (81.5%)یشیان تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە لەکاتی باران پێویستە قەمسەڵەی بەرباران لەبەر بکەن.

دەربارەی بنەمای مامەڵە لە بەرامبەر ئاپۆڕا و کاری تێکدەرانە، وەك بەشێك لە گەرەنتی ئاسایش و سەلامەتیی لە میانەی کار: پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەڕێژەی (77.8%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕانەوەستن، هەروەها (51.9%)یان دیسان تەواو لەگەڵ ئەوەدان کە پێویستە پێشبینی گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان بکەن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن. هاوکات (70.4%) یان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە ئەگەر ئاپۆڕا لەناوشار بوو، ئاگاداری ئەو باڵەخانانە بن کە پێشبینیدەکەن بکرێن بەئامانج و لێیان دوور بکەونەوە. هەروەها (70.4%)یان زۆر بە پێویستی دادەنێن لەکاتێك دەستگیرکران، هەوڵی هێورکردنەوە بدەن و ناوچەکە بەجێبهێڵن. هەر بەپێی ئەنجامەکان: پلەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان بەڕێژەی (74.1%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە پێویست دەکات تەماشای هێزە ئەمنییەکان بکەن، هەرکات کڵاوەکان و پێداویستییە خۆپارێزییەکانیان بەکارهێنا، نیشانەیە بۆئەوەی کە بارودۆخ بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات. (74.1%)یشیان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە بەرامبەر گازی فرمێسکڕێژ نابێت خۆڕاگر بن و پێویستە دووربکەونەوە، چونکە کاریگەرییەکەی تابێت زیاتر دەبێت لەسەریان.

هەموو ئەو ئەنجامانەی سەرەوە بەڕوونی ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕۆژنامەنووسان (پەیامنێران و کامێرامان)ـەکان کە ڕووماڵی ئاپۆڕا و کاری تێکدەرانە دەکەن، زۆر بەباشی لەگەڵ بنەماکانی سەلامەتیی پیشەیین تایبەت بەو بارودۆخانە، چونکە دەزانە تارادەیەکی زۆر گەرەنتی پاراستنی لایەنی سەلامەتییان دەکات. بڕوانە خشتەی.(5)

**خشتەی (5): پێوەرەکانی گەرەنتی ئاسایش و سەلامەتیی لە مەیدانی کار بەتایبەت لە کاتی خۆپیشاندان و ئاپۆڕا و کاری تێکدەرانە لەلای بەرتوێژان لە پەیامنێران و امێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان پیشان دەدات.**

| | بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | د | % | د | % | د |
| أ: ئامادەکاری بۆ رووماڵی خۆپیشاندان | هەوڵدەدەم بەشێوەی تیم رووماڵ بکەم یان لانیکەم دوو کەس کەمتر نەبین، بۆئەوەی لە حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەرمان ئاگاداربین و خۆمان بپارێزین. | ٤٠ | ٧٤.١ | ٨ | ١٤.٨ | ٢ | ٣.٧ | ٤ | ٧.٤ | ٠ | ٠ |
| | ئەو شوێن و رێگا سەرەکیانە دیاریدەکەم کە لەکاتی پێویست لێی بکشێینەوە. | ٤٠ | ٧٤.١ | ٨ | ١٤.٨ | ٦ | ١١.١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | هەوڵدەدەم پەیوەندییەکی دۆستانە و باشم لەگەڵ بازرگان و خاوەنکارەکان و خەڵکی ئەو ناوچەیە هەبێت بۆئەوەی لەکاتی پێویست داڵدەم بدەن. | ٣٢ | ٥٩.٣ | ٨ | ١٤.٨ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٢ | ٣.٧ | ٢ | ٣.٧ |
| | هەوڵدەدەم پێش خۆپیشاندان و توندوتیژی خۆم پیشانی هێزە ئەمنییەکان بدەم، تاوەکوو بزانن رۆژنامەنووسم، نەوەك خۆپیشاندەر. | ٢٨ | ٥١.٩ | ٨ | ١٤.٨ | ١٦ | ٢٩.٦ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |
| | ئاگاداری دزینی کەلوپەل و پێداویستییەکانم دەبم، هەروەها پێش دەستپێکردنی نواندنی توندوتیژی هیچ کەلوپەلێکی خۆپارێزی بەکارناهێنم، چونکە دەزانم ئەوکارە خۆپیشاندەر تورە دەکات. | ٣٠ | ٥٥.٦ | ٨ | ١٤.٨ | ٦ | ١١.١ | ٦ | ١١.١ | ٤ | ٧.٤ |
| | ماسکی تایبەت بە گازی فرمێسکرێژ و کڵاوی گوللەبەر بەکاردێنم. | ٣٢ | ٥٩.٣ | ١٨ | ٣٣.٣ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣.٧ | ٢ | ٣.٧ |
| | پێڵاو و جلی فراوان و ئاسان لەبەر دەکەم. | ٣٤ | ٦٣ | ١٢ | ٢٢.٢ | ٦ | ١١.١ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣.٧ |
| | لەکاتی باران قەمسەڵەی بەرباران لەبەر دەکەم. | ٤٤ | ٨١.٥ | ٦ | ١١.١ | ٤ | ٧.٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ب: بەرامبەر ئاپۆڕا و کاری تێکدەرانە. | لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕاناوەستم. | ٤٢ | ٧٧.٨ | ٨ | ١٤.٨ | ٤ | ٧.٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | پێشبینی گۆڕینی ئاراستەی رووداوەکان دەکەم و خۆمی بۆ ئامادە دەکەم. | ٢٨ | ٥١.٩ | ١٤ | ٢٥.٩ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |
| | ئاپۆڕا لەناوشار بوو، ئاگاداری ئەو باڵەخانانە دەبم کە پێشبینیدەکەم بکرێن بەئامانج و لێیان دووردەکەومەوە. | ٣٨ | ٧٠.٤ | ١٤ | ٢٥.٩ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |
| | لەکاتێك دەستگیرکرام، هەوڵی هێورکردنەوە دەدەم و ناوچەکە بەجێدەهێڵم. | ٣٨ | ٧٠.٤ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٤ | ٧.٤ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |
| | تەماشای هێزە ئەمنییەکان دەکەم، هەرکات کڵاوەکان و پێداویستییە خۆپارێزییەکانیان بەکارهێنا، دەزانم بارودۆخ بەرەو ئاڵۆزی دەروات. | ٤٠ | 74.1 | ٨ | ١٤.٨ | ٢ | ٣.٧ | ٤ | ٧.٤ | ٠ | ٠ |
| | بەرامبەر گازی فرمێسکرێژ خۆڕاگر نابم و دووردەکەومەوە، چونکە کاریگەرییەکەی تایبەت زیاتر دەبێت لەسەرم. | ٤٠ | ٧٤.١ | ٨ | ١٤.٨ | ٦ | ١١.١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |

**تەوەری پێنجەم: ئاڵەنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی**

سەبارەت بە ئاڵەنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی بەتایبەت (پێش گەڕانەوە لە مەیدانی کار، دەبێت ڕۆژنامەنووسان ڕووپێوییەکی گشتگیر ئەنجام بدەن. لەوبارەیەوە پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی (51.9%) ناسنامە ئەلیکترۆنییەکانیان بەتاڵدەکەنەوە و بەپێی توانا هیچ زانیارییەکی تێدا ناهێڵن. هەروەها پلەی یەکەمیان بەرێژەی (66.6%) ئامرازەکانی خۆپارێزی لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەیان داگرتووە و پلەی یەکەمیشیان؛ بەرێژەی (85.1%) بەڵگەنامە و داتاکانیان بەپێی هەستیاریان پۆلێن دەکەن و دەیانپارێزن. ئەو ئەنجامەش دەکرێت وەها بخوێنرێتەوە کە ڕۆژنامەنووسان پێش ئەوەی لە مەیدانی کار بگەڕێنەوە ڕووپێوییەکی گشتگیر ئەنجام دەدەن، ئەوەش خاڵێکی ئەرێنی گرنگە بۆ پاراستنی سەلامەتیی پیشەیی خۆیان.

ڕۆژنامەنووسان بەلایانەوە گرنگە لە مەیدانی کار: ئاگادار و بێدەنگ بن. هەر بۆیە دەبینین: زۆرینەی ڕەهای ڕۆژنامەنووسان بەرێژەی (81.5%) لەکاتی بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانیان ئاگاداری ئەو چاوانە دەبن کە لەسەریان دەبن. هاوکات پلەی یەکەمیان بەرێژەی (55.6%) ئاگاداری مۆبایلە زیرەکەکانیانن و هەموو زانیاری و بەڵگەنامە و ناوەکان لەسەر زاکیرەی مۆبایلەکانیان دادەنێن. هەروەها پلەی یەکەم بەرێژەی (74%)ی کامێرامان و پەیامنێرەکان لەو شوێنان وێنە، ڤیدیۆ و تێکست بۆ دەزگاکانیان دەنێرن کە زۆر سەلامەتە و چاودێرییان لەسەر نیە. لەگەڵ ئەوەشدا؛ ڕێژەی (44.4%) یان ڕێگەی زۆر سەلامەت و پارێزراو لەگەڵ سەرچاوەکانیان بەکاردەهێنن و هەمیشە ئیمەیڵی نەناسراویان لەگەڵ بەکاردەهێنن. ئەو ئەنجامانەش پیشانی دەدات کە ڕۆژنامەنووسان زانیارییان لەبارەی بنەما و پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسیی لە مەیدانی کار هەیە و ئەوکاتانەی پێویست بکات، ئاگادار و بێدەنگ دەبن.

پلەی یەکەمی ڕۆژنامەنووسان بەرێژەی (40.7%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە لەحاڵەتی پەلاماردانی ئامێری پەیوەندییەکانیان، دەستبەرداری ئامێری مۆبایلەکانیان بن پاش ئەوەی دەیخەنەسەر بارودۆخی فرۆکەوانیی و پاتریەکەی و میمۆریەکەشی دەربهێنن و فرێیبدەن. دیسان ڕێژەی (74%)یان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە ژیان و داتاکانیان پێکەوە بپارێزن، بەشێوەیەك ڕاستەوخۆ زانیاریەکانیان بگوازنەوە، بۆئەوەی هیچ داتایەك جێنەمێنێت لە مۆبایلەکانیان، یاخود بینێرن بۆ کەسێکی تر. دیسان زۆرینەیان بەرێژەی (59.2%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە شوێنی سەلامەت لەسەر کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکانیان بکەنەوە و داتا هەستیارەکانی تێدا هەڵبگرن و بیشارنەوە. هەموو ئەو ئەنجامانەش دەرخەری ئەوەن کە ڕۆژنامەنووسان تاڕادەیەکی زۆر بەلایانەوە گرنگە ئەو ڕێکارانە جێبەجێبکرێت کە لە بابەتی ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی بەتایبەت لە بارودۆخە سەختەکان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بڕوانە خشتەی (6).

**خشتەی (6): ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی لە مەیدانی کار و بارودۆخە سەختەکان پیشان دەدات.**

| | بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | هیچ لەگەڵیدا نیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | د | % | د | % | د | % | د | % | % | د |
| 1-پێش گەڕانەوە: ڕووپێوەیەکی گشتگیر ئەنجام دەدەم. | ناسنامە ئەلیکترۆنییەکەم بەتاڵدەکەمەوە و بەپێی توانا هیچ زانیارییەکی تێدا ناهێڵم. | ٢٨ | ٥١.٩ | ١٠ | ٢٠.٨ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٤ | ٧.٤ | ٢ | ٣.٧ |
| | ئامرازەکانی خۆپارێزی لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەم دادەگرم. | ٣٦ | ٦٦.٦ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٨ | ١٤.٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | بەڵگەنامە و داتاکانم بەپێی هەستیاریان پۆلێن دەکەم و دەیانپارێزم. | ٤٦ | ٨٥.١ | ٨ | ١٤.٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| 2-لە مەیدانی کار: ئاگادار و بێدەنگ دەبم. | لەکاتی بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەم ئاگاداری ئەو چاوانە دەبم لەسەری دەبن. | ٤٤ | ٨١.٥ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ئاگاداری مۆبایلە زیرەکەکەم دەبم و هەموو زانیاری و بەڵگەنامە و ناوەکان لەسەر زاکیرەی مۆبایلەکەم دانانێم. | ٣٠ | ٥٥.٦ | ٨ | ١٤.٨ | ٤ | ٧.٤ | ٠ | ٠ | ٤ | ٧.٤ |
| | لەو شوێنان وێنە، ڤیدیۆ و تێکست و بۆ دەزگاکەم دەنێرم کە زۆر سەلامەتە و چاودێریم لەسەر نیە. | ٤٠ | ٧٤ | ٦ | ١١.١ | ٤ | ٧.٤ | ٢ | ٣.٧ | ٢ | ٣.٧ |
| | ڕێگەی زۆر سەلامەت و پارێزراو لەگەڵ سەرچاوەکانم بەکاردەهێنم و هەمیشە ئیمەیڵی نەناسراو بەکاردەهێنم لەگەڵ سەرچاوەکانم. | ٢٤ | ٤٤.٤ | ١٢ | ٢٢.٢ | ١٢ | ٢٢.٢ | ٢ | ٣.٧ | ٤ | ٧.٤ |
| 3-لە بارودۆخە سەختەکان. | لەحاڵەتی پەلاماردانی ئامێری پەیوەندییەکانم، دەستبەرداری ئامێری مۆبایلەکەم دەبم پاش ئەوەی دەیخەمەسەر بارودۆخی فرۆکەوانیی و پاتریەکەی و میمۆریەکەشی دەردەهێنم و فرێیدەدەم. | ٢٢ | ٤٠.٧ | ١٠ | ٢٠.٨ | ١٤ | ٢٦ | ٤ | ٧.٤ | ٤ | ٧.٤ |
| | ژیانم و داتاکانم دەپارێزم: ڕاستەوخۆ زانیاریەکانم دەگوازمەوە، باهیچ داتایەك جێنەمێنێت لە مۆبایلەکەم، یاخود دەینێرم بۆ کەسێکی تر. | ٤٠ | ٧٤ | ١٠ | ٢٠.٨ | ٠ | ٠ | ٤ | ٧.٤ | ٠ | ٠ |
| | شوێنی سەلامەت لەسەر کۆمپیوتەر یان مۆبایلەکەم دەکەمەوە و داتا هەستیارەکانی تێدا هەڵدەگرم و دەیشارمەوە. | ٣٢ | ٥٩.٢ | ١٢ | ٢٢.٢ | ٨ | ١٤.٨ | ٢ | ٣.٧ | ٠ | ٠ |

**تەوەری شەشەم: چیبکرێت بۆئەوەی ڕۆژنامەنووس بتوانێت پێوەرەکانی سەلامەتیی پیشەیی لەبواری کاری ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێبکرێت؟**

پرسیارێکی کراوەیە و ئاراستەی پەیامنێران و کامێرامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کراوە کە ڕووماڵی ڕووداوەکانی پەیوەست بە بارودۆخە نائاساییەکان لە ناوچەکانی ململانێ دەکەن. پووختەی وەڵامەکان بەمجۆرەیە:

- یاسا بەرکارەکان سەروەر بکرێن.
- کردنەوەی خوولی ناچاری مەشق و ڕاهێنان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن تایبەت بە لایەنی سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان. هەروەها کردنەوەی خوولی پەیوەست بە چۆنیەتی مامەڵەی درووستی نێوان ڕۆژنامەنووسان و هێزە ئەمنییەکان و گرووپە چەکدارەکان.

## ئەنجامەکان

توێژینەوەکە بەچەندین ئەنجامی زانستیی گەیشتووە، لەخوارەوە دیارترینیان دەخەینەڕوو.

- (85.1%)ی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە ڕووماڵی ڕووداوەکانی ناوچەی شەڕ و ململانێ دەکەن لە توخمی (نێر)ن و ڕێژەی (70.4%)یشیان لە سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی ئەندام نین.
- (100%)ی پەیامنێران و کامێرامانان زانیاریان لەبارەی بارودۆخی سیاسیی، (88.8%) لەبارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، (77.7%) لەبارەی بارودۆخی تەندروستی، (88.8%) لەبارەی بارودۆخی کەشوهەوا، (92.6%) لەبارەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، (85.2%) زانیاریان لەبارەی لایەنی ڕۆشنبیری و هەڵسوکەوت و نەریتی جلپۆشین و (70.4%) یشیان زانیارییان لەبارەی شوێنی ڕووماڵەکە و خەملاندنی مەترسییەکان هەیە.
- (55.6%)ئەو (پەیامنێر و کامێرامان)انەی لە سنوری پارێزگای سلێمانی ڕووماڵی ڕووداو و پێشهاتەکان لەناوچەکانی ئاڵۆزی و ململانێ دەکەن، خوولی فێرکاری فریاگوزاری سەرەتاییان بینووە و شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا، بەڵام (37%)یان ئەو خوولانەیان نەبینیوە کە هەندێك لە پسپۆڕانی سەربازی لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لە ناوچە مەترسیدارەکانی ناکۆکی بەڕێوەیان بردووە.
- (92.6%)ڕۆژنامەنووسان زۆر بەپێویستی دەزانن، ڕۆژنامەنووس لەخاڵی پشکنین بووەستێت بۆ پشکنین، (51.9%)یشیان بەتەماشای جلوبەرگی کارمەندانی خاڵی پشکنین، زۆرباش تێدەگەن سەربازگەی سوپایە یان پۆلیس یاخود میلیشیاکانن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ جۆری مامەڵەی ئەو هێزە لەگەڵیان. (66.7%)شیان ئەگەر بزانن مەترسییان بۆ دێتەپێش، بەدڵنیاییەکی زۆرەوە پەیوەندی بە دەزگا میدیاییەکانیانەوە دەکەن.
- (77.8%)ی ڕۆژنامەنووسان (زۆر لەگەڵ ئەوەدان) لە بەرامبەر ئاپۆڕا و کاری تێکدەرانە، وەك بەشێك لە گەرەنتی ئاسایش و سەلامەتیی لە میانەی کار، نابێت لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران ڕابوەستن، (70.4%) یشیان دیسان زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە ئەگەر ئاپۆڕا لەناوشار بوو، ئاگاداری ئەو باڵەخانانە بن کە پێشبینیدەکەن بکرێن بەئامانج و لێیان دوور بکەونەوە.
- (51.9%)ڕۆژنامەنووسان لە پێش گەڕانەوە لە مەیدانی کار، وەك بنەمایەك بۆ ئاڵنگارییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئەلیکترۆنیی، ناسنامە ئەلیکترۆنییەکانیان بەتاڵدەکەنەوە، هەروەها (66.6%)یان ئامرازەکانی خۆپارێزی لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە مۆبایل و کۆمپیوتەرەکەیان داگرتووە و (85.1%)یشیان بەڵگەنامە و داتاکانیان بەپێی هەستیاریان پۆلێن دەکەن و دەیانپارێزن.

## ڕاسپاردە و پێشنیاز

- دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی بەردەوام خوول و مەشق و ڕاهێنانی پێویست بۆ ڕۆژنامەنووسەکانیان بەتایبەت پەیامنێران و کامێرامان و تیمە مەیدانییەکانیان بۆ ناوچەکانی شەڕ و ململانێ بکەنەوە و بە بنەما و میکانیزمەکانی سەلامەتیی پیشەیی لە مەیدانی کار ئاشنایان بکەن.
- گرنگی ئاشناکردنی هێزە ئەمنییە جۆربەجۆرەکان تەنانەت میلیشیا و گرووپە چەکدارەکانیش بە ئەرك و ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس لە بارودۆخە هەستیارەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان و پاراستنی سەلامەتیی گیانیان و ئەنجامدانی کارئاسانی بۆیان.
- جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیی و مافی بەدەستهێنانی زانیاری و ڕێزگرتن لە ڕۆژنامەنووسان، لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان .
- ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری سەلامەتیی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان لە بارودۆخە جیاوازەکانی تر، تەنانەت سەلامەتیی پیشەیی ئەو ڕۆژنامەنووسانەش کە لەنێو خودی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن و لەدەرەوەی کاری مەیدانین.

## سەرچاوەکان


1- What is Occupational Health and Safety of Journalists, IGI GLOBAL PUBLISHER of TIMELY KNOWLEDGE, Site entry date (15/9/2022), Available on the link: (https://www.igi-global.com/dictionary/shooting-the-messenger-slowly-but-surely/81683).

2- عبدالله مكسور: السلامة المهنية الصحفية، موقع (معهد الجزيرة للإعلام)، تاريخ دخول الموقع (2022/8/1)، متاح على الربط التالي:
(https://lms.aljazeera.net/courses/course-v1:AJMI+411+2021_).

3- William Horsley: Osce safety of journalist's guidebook, Office of the OSCE Representative on Freedom of the Media OSCE Lithuanian Chairmanship, 2012, P: 5.

4- International Federation of Journalists: White paper on global journalism, 2020, P: 59.

5- السلامة المهنية في العالم العربي والشرق الأوسط، موقع(IFJ) ، تأريخ دخول الموقع (2022/8/12)، متاح على الربط التالي: (https://www.ifjarabic.org/%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%B1%B1).

6- Supporting Safety of Journalists in Iraq, by (UNESCO), 2019, p: 50.

٧ -سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕاپۆرتی پێشێلکاری ژمارە (٢٧ و ٢٨)، ٢٠٢١، ل121.

8- مقرر نموذجي حول سلامة الصحافيين (دليل لأساتذة الصحافة في الدول العربية)، اليونسكو والإتحاد الدولي للصحافيين، بيروت، ٢٠١٧، ص13.

9- A Journalist's Resource for Safe and Ethical Reporting, Planning and preparation, (RSF), Site entry date (17/8/2022), Available on the link:
(https://training.rsf.org/chapter-2/).

administration by use random sample. This research is a descriptive study.

This study depends on survey method by survey form for receiving true data about the main aim of the study. There are many scientific results such as: the majority of the studies sample sharing the first aid training and having an experience about it.

About the safety on war and conflict areas, by first degree of journalists totally agree with, using protection rash, Compressed T-shirt, necessary equipment and seeing it to recognize them. They totally agree with get away from the cars at the war and conflict areas time and hiding behind sand beams. In same time the majority of them agree with a standing up between protesters and police. They must anticipation of changing the events direction and are preparing for it.

**Key word: level, occupation safety, Kurdistan region.**

10- Inaara Gangji: Safety Tips for Journalists in Conflict Zones, (ICFJ), Posted date (25/4/2022), Available on the link: https://www.icfj.org/news/safety-tips-journalists-conflict-zones

11-محمد مكاوي: دليل السلامة الجسدية: كيف يحمي الفريق الصحفي نفسه في التقارير التعاونية؟، موقع شبكة الصحفيين الدوليين، تأريخ النشر (2022/2/22)، تأريخ دخول الموقع (2022/5/25)، متاح على الربط التالي: (https://ijnet.org/ar/story/%D8%AF%D9%84%D9%8A%D9%84%D9%84).

12- Mark Brayne,TRAUMA & JOURNALISM A Guide For Journalists, Editors & Managers, Dart Centre for Journalism & Trauma, 2007, p: 23.

13- Inaara Gangji: The previous reference, same date.

14- السلامة المهنية في العالم العربي والشرق الأوسط، المرجع السابق، نفس التأريخ.

١٥ -خطة عمل الأمم المتحدة بشأن سلامة الصحفيين ومسألة الإفلات من العقاب، موقع (مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان)، تأريخ دخول الموقع (2022/8/11)، متاح على الربط التالي: (https://www.ohchr.org/ar/safety-of-journalists/un-plan-action-safety-journalists-and-issue-impunity).

16- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕاپۆرتی پێشێلکاری ژمارە (٢٧ و ٢٨)، ٢٠٢١، ل41.

## The Level of Journalists Commitment with ccupational Safety Standards in The Kurdistan Region

**L. Dashti Ali Rasheed**

Department Of Kindergarten-College of Basic Education - University of Garmian., Garmian, Kurdistan Region, Iraq.

dashti.ali@garmian.edu.krd

**Assist Prof. D. Yadgar Ali Mohammed**

Department Of Kurdish Language - College of Basic Education University of Garmian, Garmian, Kurdistan Region, Iraq.

yadgarali@garmian.edu.krd

**Abstract:**

The main aim of this study is the level of commitment of journalist specialists in(correspondent and photographers) with occupation safeties standards in the Kurdistan region, the research community are consists of all corresponds and journalist photographers in media organizations in Kurdistan region that Covering events and developments in war and conflict areas.

The study sample contain of (54) correspondent and journalist photographers in media organizations with both sex in the border of Sulaymaniyah government and Garmian